ئەپەڕیٚ. بە پەلە خۆی گەیاندە ئەویٚ .. ئەوەبوو هەموو پیٚغەمبەران بە لایدا تیٚ پەڕین ئەویش بە خزمەتی یەك بە یەکیان گەیشت و ، دەستی ماچ کردن .. کە بە خزمەت پیٚغەمبەری خوا ﷺ گەیشت خۆی دا بەسەر هەردوو دەستیدا و ماچی کردن و ، داوای زانستی لیٚ کرد .. پیٚغەمبەریش ﷺ مژدەی پیٚ دا کە زانستی قورئانی پیٚشکەش ئەکریٚت ، بەو مەرجەی سوئال لە هیچ کەس نەکات کە فەرمووی :

(( سَيُوهَبْ لَكَ عِلْمُ القُرآنِ مَا لَمْ تَسْأَلْ أَحَداً )) . [١٠]

مامۆستاش لەو خەوەیدا بەلٚیٚنی بە پیٚغەمبەری خوا ﷺ دا کە پرسیار لە هیچ زانایەك نەکات . مامۆستا دەربارەی زانستی زانایان روونی ئەکاتەوە و ئەلٚیٚت : من ئینکاریی زانستی زانا بەڕیٚزەکان ناکەم . ئیتر بۆ تاقییکردنەوەیان پیٚویست ناکات پرسیاریان لیٚ بکریٚت . بەلاٚم ئەگەر کەسیٚك گومان لە زانستی من ئەکات ئەوا هەر پرسیاریٚکی بویٚت ئەتوانیٚ بیکات و ، منیش وەلاٚمی ئەدەمەوە . ( تأريخ الحياة ) .

ئەم خەوە وورەی سەعیدە بچکۆلی بەرز کردەوە و تاسەمەندیی خویٚندن لەلای سەری هەلٚ دایەوە و ، بۆ ئەمە ماوەی لە باوکی خواست تا بچیٚت بۆ بەخشداریی ئەرواس ، تا لە خزمەتی مامۆستا مەلا موحەممەد ئەفەندییدا بخویٚنیٚ .

کە چووە ئەویٚ مامۆستا موحەممەد مامۆستا سەعیدی بە بچووك زانیی بۆیە خۆی دەرسی پیٚ نەوت ، بەلٚکو دایە دەست یەکیٚ لە قوتابییەکانی و ، ئەمەش بەلای مامۆستا سەعیدەوە زۆر گران بوو ، چونکە ئاستی زانستی ئەوەندە بەرز نەبوو مامۆستا کەلٚکی لیٚ وەربگریٚ .

---

[١٠] وشەی ( سؤال ) ی عەرەبیی دوو واتای هەیە : یەکەمیان : پرسیار و دووهەمیان : سوالٚ کردن . مامۆستا بە دریٚژایی تەمەنی ئەم مەرجەی بە هەردوو واتاکەی بردە سەر . ئەوەبوو کە لەگەلٚ زانایان دا ئەکەوتە گفتوگۆ هەرگیز پرسیاری نەئەکرد ، بەلٚکو تەنها وەلاٚمی ئەوانی ئەدایەوە . چونکە ئەترسا مەرجەکەی و دلٚی ئەوانیش بشکیٚنیٚ بە پرسیاریٚ کە وەلاٚمەکەی نەزانن . دیارە بە واتای دووهەمیش هیچ شتیٚکی لە سەرانسەری ژیانیدا بیٚ بەرامبەر لە هیچ کەسیٚك وەرنەگرتووە و بە سەربەرزیی ژیاوە ..

پیّزانینیّکن بە بۆنەی پیاوچاکیی و تەقواتانەوە . داوای لیّ بووردن ئەکەم ، بیّزارمان کردن و ، تکاشمان : ( داوای لیّ بووردن ئەکەم ) چەند جار دووبارە ئەکەمەوە .

ئەم رووداوە پڕ مەردایەتی‌یە ئەفسەریّك بە پلەی نەقیب گیّڕاویەتەوە ، کە هاوەڵی مامۆستا بووە و ، بە چاوی خۆی دیویەتی .[٩٧]

## پیّنجەم : بە تەنیا لەسەر رووباری ڤۆڵگا

مامۆستا نوورسیی باسی ژیانی ئەو ماوەیە ئەکات و ئەڵیّت :

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ، لە شاریّکی دووری باکووری خۆرهەلاّتی رووسیادا ، کە پیّی ئەوترا ( کۆسترما ) دیل بووم .. لەویّ ، لەسەر لیّواری ( ڤۆڵگا ) ی بەناوبانگ مزگەوتیّکی بچووکی تەتارەکان هەبوو .. منیش لە نیّو ئەفسەرە دیلە هاوەڵەکانمدا بیّزاریی سەری لیّ دابووم ، بۆیە وام بە چاك زانیی گۆشەگیر بم .. بەلاّم بەبیّ ئیزن و مۆڵەت نەیان ئەهیّشت بچمە دەرەوە .. پاشان بە زامنیی و کەفالەتی دانیشتوانی گەڕەکی تەتارەکان ماوەم درا لەو مزگەوتەدا بمیّنمەوە .. ئەوەبوو بە تەنیا تیایا ئەخەوتم و ، بەهاریش هاتە بەرەوە و، شەوگاری ئەو ناوچە دوورەش یەکجار دریّژ بوو ..

زۆر جار لەو شەوە تاریك و رەشانەدا ، کە خەم و خەفەتی رەشی غەریبی‌یان لە خۆ پیّچابوو ، خەوم ئەزڕا ، لە کاتیّك‌دا لە جگە لە خوڕەی خەمناکی رووباری ( ڤۆلگا ) و ، چرکەی ناسکی دلۆپی باران و ، بیّتاقەتیی لیّك دابڕان کە لە گڤەی باکانەوە ئەهات . هیچی تر نەئەبیسترا .. ئەمە هەر هەمووی ـ بە شیّوەیەکی کاتیی ـ لە خەوی قووڵی بیّئاگایی بیّداری کردمەوە ..

جا هەرچەندە هیّشتا خۆمم بە پیر لە قەڵەم نەئەدا ، بەلاّم هەرکەس جەنگی جیهانیی ببینیّ پیر ئەبیّت ، چونکە بە ترس و لەرزی رۆژانی جەنگ منداڵان پیر

---

[٩٧] الشعاعات : ٥٧١ ـ ٥٧٢ ، ئەم باسە لە گۆڤاری ( أهل السنة ) کە لە ئەستەنبووڵ دەرچوو ، لە ١٥ / ١٠ / ١٩٤٨ دا ، بە پیّنووسی خاوەنی گۆڤارەکە پاریّزەر ( عبدالرحیم زابصو ) بلاّوکراوەتەوە . سیرة ذاتیة : ١٣٠ .

( مدعي عام ) دێت و پێکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەردا سەردانی بەندیخانە ئەکەن و، ئەبینن مامۆستا وا لەوێ ..

ئەم دەنگ و باسە لە نێوان حاکمەکاندا بلاْوە ئەکات و خەڵکیی بە کەرامەتی مامۆستای لە قەڵەم ئەدەن .

هەر لەو جۆرە بەڕێوەبەری بەندیخانەی ئەسکی شەهر ڕووداوێکی تر ئەگێڕێتەوە کە جارێکیان دەنگی ( بدیع الزمان ) ی بەرگوێ ئەکەوێت و ، داوا ئەکات لە بەندیخانە دەرچێت بۆ ئەنجام دانی نوێژی جومعە لە مزگەوتی ( ئاق جامع ) . لە کاتی نوێژدا سەر لە زیندانەکەی مامۆستا ئەدات و ، سەیر ئەکات ( بدیع الزمان ) ی لێ نیە و ، پاسەوانەکان لە جێی خۆیانن و ، دەرگاکانیش قوفڵ دراون ..

بەڕێوەبەر بە پەلە ئەچێت بۆ مزگەوتی ناوبراو و ، ئەبینێ وا مامۆستا لە لای راستی ریزی یەکەمی مزگەوتدایە . دوای نوێژ ئەگەڕێت بە دوایدا و نایدۆزێتەوە . بە پەلە ئەگەڕێتەوە بەندیخانە و ، ئەبینێ وا ( الله أکبر ) ئەڵێت و ئەچێت بە سەجدەدا .

ڕووداوی تریش لەو جۆرە چەندین جار ڕوویان داوە کە مامۆستا لە بەندیخانەی دەنیزلییدا بووە ، لە نوێژی فەجردا بەشداریی نوێژی جەماعەتی کردووە .

جا ئەم هەواڵانە کاربەدەستانی حکوومەت ئەیان گێڕانەوە کە دژایەتیی مامۆستایان ئەکرد .[٢١٦]

جا مامۆستا نوورسیی پێی خۆش بووە ئەم ڕووداوانە لە خۆی دوور بخاتەوە و ، بە کەرامەتی پەیامەکانی نووریان لە قەڵەم بدات .

دەربارەی کەرامەتیش بەڕێز ( کمال طان أر ) ئەمەمان بۆ ئەگێڕتەوە و ئەڵێت :

قوتابیی دوا قۆناغی کۆلیژی یاسا بووم .. ئەبوایە سەرمان لە دادگا و بەندیخانەکان بدایە .. ڕۆژێکیان بۆ سەردانی مامۆستا چووم بۆ بەندیخانەی

---

[٢١٦] تأریخ حیاة الأستاذ ـ حیاة أسکي شهر .

ئیتر لە مەبەستی مامۆستا تیٚگەیشتم و ، هەستم بە هەڵەی خۆم کرد .[٢١٧]

مامۆستا کە لە ئەسکی شەهر بەند ئەکریٚت . پەیوەندیی بە قوتابیەکانیەوە ئەکات و ، بە نامە ئامۆژگاریی‌یان بۆ ئەنیٚریٚت ، تا لەسەر کاری پیرۆزیان بەردەوام بن و ، پڕوپاگاندەی ناحەزان کاریان تیٚ نەکات .

رۆژیٚکیان ، کە جەژنی کۆماریی بوو ، مامۆستا لەبەردەم پەنجەرەی بەندیخانەکەی ئەسکی شەهردا ، کە بەسەر قوتابخانەیەکی دواناوەندیی کچاندا ئەیڕوانی ، دائەنیشیٚت .. سەیر ئەکات وا قوتابیی‌یە کچەکان بە بۆنەی جەژنی کۆماریی‌یەوە ، لە گۆرەپان و حەوشەی قوتابخانەکەدا خەریکی یاریی و هەڵ پەڕکیٚ و سەماکردنن . لە ناکاو حاڵی ئەو کچە گەنجانە لەسەر شاشەیەکی مەعنەویی دیٚتە بەرچاوی مامۆستا کە دوای پەنجا ساڵ چی‌یان بەسەر دیٚت . ئەوە دیٚتە بەرچاوی کە نزیکەی پەنجا لەو کچانە لە کۆی شەصت قوتابیی ئەمرن و ، لاشەیان ئەبیٚتەوە بە گڵ و ، لەناو قەبردا سزا ئەدریٚن و ، دە قوتابییشیان ئەبنە پیرەژنی ناشیرین و ، تەمەنیان ئەگاتە حەفتا و هەشتا ساڵیی ، کە دەم و چاویان ناشیرین ئەبیٚت و ، جوانی‌یان لە دەست ئەدەن و ، لە ئەنجامی قیٚز و بیٚز و سووك سەیرکردنی کەسانی دەوروبەریان هەست بە ئیٚش و ئازار ئەکەن و ، لە ژیانی خۆیان بیٚزار ئەبن ، چونکە لە کاتی گەنجی‌یاندا داویٚن پاکیی خۆیانیان نەپاراستووە !

کە مامۆستا ئەم دیمەنەی دیٚتە بەرچاو بەزەیی بە حاڵیاندا دیٚتەوە و ، دڵی دیٚتە کوڵ بۆیان ، بە گەرمیی بۆیان ئەگریی ، بە رادەیەك کە سەرنجی هەندیٚ لە هاوڕیٚیانی بەندیخانە رائەکیٚشیٚ و ، ئەوانیش بە پەلە دیٚن بە دەمیەوە و ، لە هۆی ئەم گریانەی پرسیاری لیٚ ئەکەن .

ئەمیش داوایان لیٚ ئەکات کە ئیٚستا وازی لیٚ بهیٚنن و ، لیٚی دوور بکەونەوە .[٢١٨]

---

[٢١٧] ذكريات عن سعيد النورسي : ٣٧ .

# ناوەڕۆك



| باس | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشكەش | ٣ |
| پێشەكی | ٤ |
| بەشی یەكەم : لەدایك بوون و پێگەیشتنی | ٧ |
| یەكەم : لەدایك بوونی | ٧ |
| دووهەم : خوێندن و پێگەیشتنی | ١١ |
| سێهەم : خەوی پیرۆز و مژدەی ئازیز | ١٥ |
| چوارەم : چوون بۆ سەعرەد | ٢٣ |
| پێنجەم : دابڕان و بێنازیی | ٢٨ |
| شەشەم : وت و وێژ لەگەڵ موصطەفا پاشا | ٣٥ |
| حەوتەم : لە شاری بەدلیس‌دا | ٤٢ |
| هەشتەم : لە شاری وان‌دا | ٤٥ |
| نۆهەم : هەواڵی كاریگەر و دڵتەزێن | ٤٨ |
| بەشی دووهەم : بۆ باوەشی ئەستەنبووڵ | ٥١ |
| یەكەم : وەڵامی هەموو پرسیارێك | ٥١ |
| دووهەم : چاوكەوتن بە سوڵتان عەبدولحەمید | ٥٦ |
| سێهەم : چالاكیی ئەو ماوەیەی | ٦٦ |
| چوارەم : كۆمەڵەی ( الإتحاد المحمدي ) | ٧١ |
| پێنجەم : ڕووداوی ٣١ی مارت | ٧٤ |
| شەشەم : بۆ دادگای سەربازیی | ٧٩ |
| حەوتەم : گەڕانەوە بۆ وان | ٨٣ |
| هەشتەم : سەردانی شام | ٨٥ |

| | |
|---|---|
| نۆهەم : بۆ ئەستەنبووڵ و هاوڕێیەتیی سوڵتان | ٨٦ |
| دەهەم : کتێبی ( تعلیقات ) | ٨٧ |
| یانزەهەم : رووداوی بەدلیس و ئەرمەن | ٨٨ |
| دوانزەهەم : ئیعجازی قورئان لە خەوێکی راستدا | ٩٠ |
| **بەشی سێهەم : فەرزی جیهاد** | ٩٢ |
| یەکەم : جەنگی جیهانی یەکەم | ٩٢ |
| دووهەم : هەوڵ و غیرەت | ٩٥ |
| سێهەم : بەدیل گیران | ٩٧ |
| چوارەم : چاونەترسانی مامۆستا | ١٠١ |
| پێنجەم : بە تەنیا لەسەر رووباری ڤۆڵگا | ١٠٣ |
| شەشەم : ئەندامی ( دار الحكمة ) | ١٠٥ |
| حەوتەم : خەوێکی مانا بەخش | ١٠٩ |
| هەشتەم : دانانی ( الخطوات الست ) و وەڵامی کەنیسە | ١١٥ |
| نۆهەم : وەڵامی کەنیسە | ١١٩ |
| **بەشی چوارەم : لەدایکبوونی سەعیدی نوێ** | ١٢١ |
| یەکەم : هوشیاریی رۆح و سەرکەوتنی دڵ | ١٢١ |
| دووهەم : هەڕەشەی پیریی و یادی مردن | ١٢٣ |
| سێهەم : رێنمایی قورئانی پیرۆز | ١٣٣ |
| چوارەم : یەكلایی کردنەوەی قیبلە | ١٣٧ |
| پێنجەم : دەست بەرداربوونی ژیانی کۆمەڵایەتی | ١٣٩ |
| **بەشی پێنجەم : لە ئانقەرەدا** | ١٤١ |
| **بەشی شەشەم : ژیانی گرتن و نەفیی کردن** | ١٤٦ |
| یەکەم : گەڕانەوە بۆ وان | ١٤٦ |
| دووهەم : وازهێنان لە سیاسەت | ١٥٢ |

| | |
|---|---|
| سێهەم : شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران | ١٥٥ |
| چوارەم : گرتن و دوورخستنەوەی | ١٦٠ |
| بەشی حەوتەم : بارلا : قوتابخانەی نووریی یەکەم | ١٧١ |
| یەکەم : بەرەو بارلا | ١٧١ |
| دووهەم : نووسینی پەیامەکانی نوور | ١٨٧ |
| سێهەم : نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامەکان | ١٩٥ |
| بەشی هەشتەم : بەندی خانەی ئەسکی شەهر | ٢٠١ |
| بەشی نۆهەم : نەفیی کردن بۆ قەسطەموونیی | ٢١٤ |
| بەشی دەهەم : بەندیخانەی دەنیزلیی | ٢٣٩ |
| بەشی یانزەهەم : نەفیی کردن بۆ ئەمیرداغ | ٢٦١ |
| بەشی دوانزەهەم : لە بەندیخانەی ئافیوون‌دا | ٢٧٤ |
| بەشی سیانزەهەم : ساڵەکانی کۆتایی لە ئیسپارتە | ٣٠١ |
| بەشی چواردەهەم : دوا نەخۆشیی و کۆچی دوایی | ٣١٩ |
| ناوەرۆك | ٣٣٨ |